ئەنجومەنی دادوەری: گرنگیی پابەندبوون بە وادە دەستوورییەکان بۆ دەستنیشانکردنی سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران



ئەنجومەنی باڵای دادوەری، ئەمڕۆ پێنجشەممە، جەختی لەسەر گرنگیی پابەندبوون بە وادە دەستوورییەکان بۆ دەستنیشانکردنی هەردوو سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران و ڕێگریکردن لە هەر دەستوەردانێکی دەرەکی کردەوە.

لە ڕاگەیەندراوەکی ئەنجومەنی باڵای دادوەریدا کە دەستی ئاژانسی موتەبەع کەوتووە، هاتووە: ئەنجومەنی باڵای دادوەری، بەیانی ئەمڕۆ یەکەمین کبوونەوەی خۆی بە سەرۆکایەتی سەرۆکی دادگای تەمێزچوونەوەی فیدراڵی، دادوەر فایق زێدان سازکرد. لە کبوونەوەکەدا یادی کۆچی دوایی (محەمەد عەبدولعەزیز حەسەن) جێگری داواکاری گشتی لە بارەگای داواکاری گشتی لە سنوورەدین بەرز ڕاگیرا، کە لە ڕێکەوتی ١٣ / ١ / ٢٠٢٦ کۆچی دوایی کردبوو.

ڕاگەیەندراوەکە ئاماژەی بۆش کردووە: پلەی ژمارەیەک دادوەر و ئەندامی داواکاری گشتی بەرزکرایەوە و چەند پۆستێکی دادوەری بەخشران کە پێویست بوو لە هەندێک لە سەرۆکایەتییەکانی تەمێزچوونەوەدا پڕبکرێن، ئەمەش لەپێناو بەرژەوەندیی گشتی.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، ئەنجومەنی دادوەری جێختی کردووە لەسەر گرنگیی پابەندبوون بە وادە دەستوورییەکان بۆ تێواوکردنی ڕێکارەکانی دەستنیشانکردنی سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران، داواشی لە هەموو پارت و هێزە سیاسییەکان کرد کە پابەند بن و ڕێز لەم وادانە بگرن و پشێلی نەکەن، لە پێناو پاراستنی سەقامگیریی سیاسی و بەڕێوەچوونی پرۆسەی دیموکراتی بەپێی چوارچێوە دەستووری و یاساییەکان و ڕێگریکردن لە هەر دەستوەردانێکی دەرەکی.

هەروەها ڕاگەیەندراوەکە ئاماژەی بۆ کردووە کە ئەنجومەنەکە تاوتوێی ڕێکارەکانی تایبەت بە لێکۆڵینەوە و دادگاییکردنی ئۆو کەسانەی کردووە کە لە بنکەکانی دەستبەسەرکردن لە سووریاوە بۆ فەرمانگەکانی چاکسازی لە عێراق گواستراونەتەوە.